# وانەی بیستوسێ

# قوتابێتی - 2

## نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## ستایش و پەرستن

## خودا نیعمەت دەبەخشێ

بیرۆکەی سەرەکی: خودا نیعمەت دەبەخشێ

**1** نەریتی(عاداتی) فەریسییەکان

**بخوێنە:** (مەرقۆس7: 1-23).
فەریسییەکان (ئایندار بوون) ڕۆژی سێ جار نوێژیان دەکرد، هەفتەی دوو جار بەڕۆژوو دەبوون، دە یەکی داهاتیان پێشکەشی پەرستگا دەکرد، لە هەوڵ و کۆششدا بوون بۆ جێبەجێکردنی 613 بنەما و یاسا کە بۆ خۆیان دەستنیشانیان کردبوو. بەڵام سەرباری هەموو ئایندارییان، ئازادی ڕاستەقینەیان نەبوو! چونکە کۆیلەی گوناهە بوون (یۆحەننا8: 34)، هەروەها بوون بە کۆیلەی بنەما و یاسا مرۆییەکانیان (ئیشایا29: 13)!

**2** (عادات)نەریتی هەندێك لە مەسیحییەکانی ئەم سەردەمە

**بخوێنە:** (مەرقۆس7: 7) *﴿بە خۆڕایی دەمپەرستن، فێرکردنێك فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە﴾*.
بە هەمان شێوە، هەندێك کڵێسا داوا لە ئەندامانی دەکەن ڕۆژانە سەردانی کڵێسا بکەن، ڕۆژانی یەکشەممەیش دووجار بێن، بە شێوەیەکی دیاریکراو خودا بپەرستن، لە شوێنێکی دیاریکراویشدا یەکتر ببینن، جلی تایبەتیش لە کڵێسادا بپۆشن، ڕێژەیەکی دیاریکراویش لە داهاتیان بە کڵێسا ببەخشن، گوێڕایەڵی قسەکانی شوان و پیرانی کڵێسا بکەن، باوەڕیان بە بیروباوەڕێك هەبێت کە بەڕوونی لە کتێبی پیرۆزدا دەرنەکەوتووە، ڕاپۆرتێکیش پێشکەش بکەن دەربارەی خەڵوەتی ڕۆژانەیان، یان هەرشتێکی هاوشێوە. بەم شێوەیە، هەندێك کڵێسا بنەما و یاسای تایبەت بۆ ئەندامانی خۆی دادەنێت هەرچەندە ئەم یاسایانە بەپێی ووشەی خودا نەهاتوون. بەمەش، ئەندامانی دەگوازێتەوە لە جیهانی (دەمەوێ لە ژێر نیعمەتی خودادا بژیم) بۆ جیهان (پێویستە بەپێی ئەو یاسایانە بژیم کە ڕابەرانی کڵێسا دایدەنێن).
کاتێك ئەم یاسایانەش بێن بە مەرج یان یاسایەکی چەسپاو بەسەر باوەڕداران، دووبارە باوەڕدارانی ئازاد بۆ کۆیلەتی دەگەڕێنێتەوە. کاتێکیش کە باوەڕدار ئەم یاسا مرۆییانە جێبەجێ نەکات، ڕابەرانی کڵێسا وای لێدەکەن هەست بە گوناهە بکات وەك ئەوەی کە کەسێکی (یاخی) بێت یان (لە جەستەدا) دەژیت یان کەسێکی خراپە. ڕەنگە ئەم باوەڕدارەش گوێڕایەڵی ئەم یاسا و بنەمایانە نەبێت، بەڵکو ڕەنگە چیتر سەردانی کڵێسا نەکات چونکە هەست دەکات لە ژیاندا ئازاد نەماوە. لە لایەکی دیکەوە هەندێك کەس هەندێك بنەما و یاسا بۆ خۆیان دادەنێن تاکو قبوڵکراو بن لەلای ئەو کەسانە، یان لەلای ئەو کڵێسایە!

**3** ملکەچی شەریعەت یان لە ژێر بەزەیی خودا بژی

**بخوێنە:** (ڕۆما6: 14). باوەڕداران لەژێر شەریعەت نین، بەڵکو لەژێر بەزەیی نیعمەتن.
ئـ) ملکەچی شەریعەت بەپێی یاسایی. لەبەر ئەوەی خودا پیرۆز و ڕاستودروستە، پیرۆزی و ڕاستودروستی خودا وا لە مرۆڤ دەکەن بەتەواوەتی گوێڕایەڵی هەموو شەریعەتە ڕەوشتییەکانی بکەن، هەروەها سزا هەبێت بۆ هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر ئەم شەریعەتانە. بەم شێوەیە، لە ڕووی یاساییەوە، هەموو مرۆڤ ملکەچی شەریعەتن. کاتێکیش هەموو خەڵکی گوناهیان کردووە (ڕۆما3: 23)، هەموویان لەژێر سەرزەنشتی خودان (غەلاتیە3: 10) (یاقوب2: 10).

ب) ملکەچی نیعمەت بەپێی یاسایی. بەڵام لەبەر ئەوەی خودا خۆشەویستییە، لە گوناهی هەموو کەسێك خۆش بوو بەمەرجێك ئەگەر باوەڕی بە مەسیح بێنێت (ڕۆما3: 24-25). مەسیح داواکاری ڕاستودروستی خودای لە بری ئێمە داوەتەوە (2کۆرنسۆس5: 21). بۆیە هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بە مەسیح هەیە، (لەژێر شەریعەت نین) بەڵکو (لەژێر نیعمەتن).

پۆڵسی نێردراو ویستی باوەڕداران هان بدات بۆ ململانێ لەگەڵ گوناهدا. بۆیە بۆیان دووپات دەکاتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی گوناهدا نەماون ئەگەر لە ناخیان بێت یان لە دەرەوەیان. ئەوان لەژێر شەریعەتدا نەماون وەك داواکارییەکی یەکسانی لەلای خودا، بەڵکو ملکەچی نیعمەتن کە بەخشینێکی خودابیە. بەم شێوەیە، ئەو کەسانەی هێشتا لە ژێر شەریعەتدا دەژین (بەپێی یاسا) کەسانێکن هێشتا لێبووردنی خودایان تاقی نەکردۆتەوە، بێتاوان نین، لەگەڵ خودا ئاشتنەبوونەتەوە. دەرئەنجام ناتوانن پیرۆز بن. بەڵام ئەو کەسانەی لەژێر نیعمەت دەژین (بەپێی یاسا) بێتاوان بوون لە گوناهەکانیان خۆش بوون، لەگەڵ خودا ئاشت بوونەوە. بۆیە ناتوانن و نایانەوێت بەردەوام بن لە گوزەران لەناو گوناهدا! بەواتای دیکە، ئەو کەسەی دەیەوێت ژیانێکی پیرۆز و نوێ بژیت لەم جیهانەدا، پێویستی بە قبوڵکردنی نیعمەتی خودا هەیە کە کەسێتی عیسای مەسیحە.

پ) ملکەچی شەریعەت بە سۆزداری. کاتێك کڵێسا هەندێك یاسای مرۆیی بۆ ئەندامانی دادەنێت، ئەوە بەسۆزداری دەیانخاتە ژێر یاسایی شەریعەت. واتای ملکەچی شەریعەت بە سۆزداری ئەوەیە کە هەست بکەیت کە پێویستە هەندێك کار ئەنجام بدەیت، یان پابەندبی بە ئەنجامدانی ئەم کارانە. ئەم یاسا مرۆییانەش وات لێدەکات هەست بکەیت کە پابەندی یان ناچاری ئەنجامی بدەیت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ئازادی هەڵبژاردنت لەدەست داوە! کاتێك شکست بهێنیت لە جێبەجێکردنی ئەو یاسا مرۆییانە دەبیتە گوناهکار و سەرکۆنە دەکرییت وەك کەسێکی توندڕەو، یان تۆ (لە جەستەدا دەژیت) یان تەنانەت کەسێکی (خراپی)! لە ئاکامی ئەوە، تۆ هەست دەکەیت و ڕەفتار دەکەیت خۆشەویستی خودا لەدەست دەدەیت یان خۆشەویستی باوەڕداران لەدەست دەدەیت ئەگەر گوێڕایەڵی ئەم یاسا مرۆییانە نەبیت. بۆ ئەوەی لە هەستی گوناه و سەرکۆنەکردن و هەستی دیکەی نەرێنی دوور بکەویتەوە، ڕەنگە بە سۆزدارییەوە گوێڕایەڵی ئەم یاسا و بنەما مرۆییانە ببیت. کاتێکیش بە سۆزداری لە ژێر یاسای شەریعەتدا بژیت، جەخت لەسەر ناسنامەی خۆت لە تێڕوانینی ئەو کەسانەدا دەکەیت کە یاسا و فەرمانەکانیان داناوە! لە ڕاستیشدا، تۆ تەنها نابیتە کۆیلەی ئەو یاسا مرۆییانە، بەڵکو دەبیتە کۆیلەی ئەو کەسانەش کە یاساکانیان داناوە.

ت) ملکەچی نیعمەت بە سۆزداری. بوونت (لە ژێر نیعمەت) واتا ڕزگار بوویتە لەو شەریعەتەی بەندی کردبووی لە ڕووی یاساییەوە ئەو کەسەی باوەڕی بە عیسای مەسیحی هەبێت ملکەچی شەریعەتی خودا نامێنێت کە سەرکۆنەی کردبوو. خودا تەماشای تۆ دەکات و جگە لە چاکەی عیسای مەسیح هیچ نابینێت (2کۆرنسۆس5: 21). هەروەها، ئەگەر بڕوانینە لایەنە سۆزداری و ئەزموونێکەوە، ئەو کەسەی باوەڕی بە عیسای مەسیح هەیە کەسێکە لە هەموو شەریعەتێك ئازاد بووە کە سەرکۆنەی بکات و وای لێبکات هەست بە گوناه بکات یان بەهەر هەستێکی نەرێنیتر. بەم شێوەیە، تۆ تەنها بە یاسایی لە ژێر نیعمەتی خودا نیت، بەڵکو تۆ بە سۆزداری و بە ئەزموونیشەوە لە ژێر نیعمەتی خودای. تەنانەت ئەگەر بکەویتە گوناهیەکەوە، پێویستە هەست نەکەیت خۆشەویستی خودات لەدەست داوە یان خۆشەویستی کەسانیتر. کاردانەوەی کەوتنی باوەڕدار بەناو گوناهدا سەرکۆنە کردن نییە، یان سزای تاهەتایی، یان ڕەتکردنەوەی لەلایەن خوداوە، بەڵکو کاردانەوەکەی بچڕانی هاوپشکییە لەنێوان خۆی و خودادا! بۆیە، لە کاتێکدا کە تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان هەڵبژاردنەکەت خراپ بوو یان گوناهێکت کرد، هێشتا دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ گوزەران لە ژێر نیعمەت، واتا هاوەڵیت لەگەڵ خودا بگەڕێنیتەوە! ئەو کات هەمیشە ئازادا هەڵبژاردنی ژیان یان مردنت دەبێت، یان لە نێوان ئەوەی کە کەسێکت خۆشبوێت یان خۆشنەوێت، یان لە نێوان ئەوەی کە بەتەواوەتی ڕزگار بیت لە هەستکردن بە گوناه یان سەرکۆنەیی و ترس و هەر هەستێکی دیکەی نەرێنی، لە نێوان ئەوەی کە وەك کۆیلەیەك بۆ هەستەکانی گوناه، سەرکۆنەیی، ترس و هەستی دیکەی نەرێنی بمێنیتەوە. کاتێك لە ژێر نیعمەت دەژیت بە سۆزداری و ئەزموونی، جەخت دەکەیتە سەر ئەوەی ئەنجامت داوە، واتا لەسەر ڕەفتاری هەڵەت بەرامبەر بە خودا و کەسانتیتر. ئەو کات بۆ خودا دەگەڕێیتەوە و دان بە گوناهەکەت دەنێیت واتا تۆبەت بکەیت، لێبوردنی خودا قبووڵ بکەیت، بەردەوام بی لە هاوەڵیت .

لەگەڵ خودا (1یۆحەننا1: 9). لە ڕێگای کارە ڕزگارکارە تەواوەکەی مەسیح، تۆ بە یاسایی (لەژێر نیعمەتی). بێبەریبوونت دەستەبەر کردووە! لە ڕێگای گەڕانەوەشت بۆ لای خودا، دانپێدانانت بە گوناهەکانت، بەردەوامیت لە هاوەڵی لەگەڵ خودا، تۆ بە سۆزداری لە ژێر نیعمتی خودای. بە شێوەیەکیتر، بە قۆناغی پیرۆزکردن دا تێدەپەڕێت کە بەدرێژایی ژیانت بەردەوام دەبێت.

## ستایش و پەرستن

خودا بپەرستن بەو سیفەتەی کە نیعمەت دەدات! هەروەها بپەرستن لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە بەرامبەرتان دەریدەخات لە نیعمەت و چاکە. لە گرووپی بچووکدا بپەرستن هەر یەکەو لە سێ کەس پێکبێت.

## بەشداریکردن

### نامەی ڕۆما

بە نۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی ڕوحي قوتابیان) ئەوەی فێری بوونە لە یەکێ لە خەڵوەتەکان و ڕامانتان لەو برگە کتێبییانەی بۆتان دەستنیشان کراوە (ڕۆما9-12) لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشداریەکان کورت بێت.

گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، بە ڕاستی مامەڵە لەگەڵ قسەکانی بکەن و قبوولی بکەن و کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

## فێرکردن

### قوتابێتی: سیفەتەکانی قوتابی

#### ( ئـ ) واتای ووشەی (قوتابی) لە پەیمانی نوێدا

1 قوتابی کەسێکی سەر بە مامۆستایە یان سەر بە ڕابەری گرووپ

**بخوێنە:** (مەرقۆس2: 18) (لۆقا6: 17) (یۆحەنا6: 60،66) (یۆحەنا9: 28).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** واتای ووشەی (قوتابییەکان) چییە لەم برگە کتێبییانە؟

**تێبینییەکان:** لە سەردەمە کۆنەکاندا، فەیلەسوف و ڕابەرە ئاینییەکان قوتابییان هەبوو کە هاوشانیان بوون. فەریسییەکان قوتابییان هەبوو، یۆحەننای لەئاو هەڵکێش قوتابی هەبوو، عیسای مەسیحیش قوتابی هەبوو. ووشەی (قوتابی) لەم برگە کتێبییەدا واتای (بەردەستی) دەگەیەنێت. قوتابی یان بەردەستی کەسێکە هاوشانی مامۆستایەك دەبێت یان ڕابەری گروپێك بۆ هەر شوێنێك بچێت بەدوای دەکەوێت. بەڵام سەرباری ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر لە سەرەتادا بەدوای عیسای مەسیح کەوتن، بەڵام زۆربەیان لە دواییدا ڕاوەستان. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە گرنگییان بە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی عیسای مەسیح دەدا نەك بە قوتابێتی ڕاستەقینە. هەروەها ئامادە نەبوون نرخی قوتابێتی ڕاستەقینە بدەن.

2 قوتابی کەسێکە سەر بە عیسای مەسیحە

**بخوێنە:** (یۆحەننا1: 35-51) (لۆقا5: 1-11) (مەرقۆس3: 13-15).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** عیسای مەسیح قوتابییە یەکەمەکانی چۆن بانگهێشت کرد؟

**تێبینییەکان:** تێبینی بانگهێشتی عیسای مەسیح بکە (وەرن تەماشا بکەن) (بەدوام بکەوە). بانگهێشتی قوتابێتی بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ عیسای مەسیح بن بۆ هەر شوێنێك بڕوات. کاریگەری بەهێز و ڕاستەوخۆیش کە کەسێتی عیسای مەسیح و فێرکردنە بەهێزەکەی بەجێی دەهێشت، خەڵکی هان دەدات بۆ ئەوەی بن بە قوتابی ئەو. بەم شێوەیە، ووشەی (قوتابی) لەم برگە کتێبیانە واتای (بەردەستی) دەگەیەنێت، واتا لەگەڵ مەسیح بێت لە ئەرکی لەم جیهانەدا. بانگهێشتی مەسیح بۆ قوتابێتی هیچ کۆسپ و مەرجێکی نەبوو. لە نێو قوتابییەکانیدا، ڕاوچی ماسی گوناهکار هەبوو وەك (پەترۆس و یاقوب و یۆحەننا)، هەروەها باج وەرگر کە خەڵکی ڕقیان لێدەکرد ناوی (مەتتا) بوو.

3 قوتابی کەسێکی خوێندەوارە لەلای عیسای مەسیح

**ئـ بخوێنە:** (لۆقا6: 40).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** واتای (قوتابی) چییە لەم برگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** واتای ووشەی قوتابی لەم ئایەتە واتای خوێندەوار دەگەیەنێت، یان مەشقکار. عیسای مەسیح ئەوە فێر دەکات کە قوتابی ڕاستەقینە پێویستە لە سەرەتادا خوێندەوار بێت پێش ئەوەی ببێت بە مامۆستا یان ڕابەری گرووپ. واتا، پێویستە ببێت بە مەشقکار پێش ئەوەی ببێت بە مەشقدەر.

**ب) بخوێنە:** (یۆحەننا13: 13-15) (مەتتا4: 23) (11: 28-30) (کردار4: 13) (فیلیبی4: 9-12).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** قوتابییەکان چۆن فێر دەبن؟

**تێبینییەکان:** قوتابی لە ڕێگای بینین و بیستن و لاساییکردنەوە فێردەبێت. لە کاتی بەشوێن کەوتنی عیسای مەسیح فێردەبێت. لە نزیکەوە سەرنج دەداتە ژیانی عیسای مەسیح، لە ڕێگای فێرکردن و نموونەی عیسای مەسیح و قوتابییەکانی فێر دەبێت. هەروەها لە ڕێگای پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی عیسای مەسیح فێردەبێت. بەم شێوەیە، ئەزموونی زیاتر بەدەستدێنێت.

4 قوتابی باوەڕدارێکی ڕاستەقینەیە

**بخوێنە:** (کردار6: 7) (کردار9: 1-2، 19) (کردار11: 26) (کردار14: 21-22).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** واتای (قوتابی) چییە لەم بڕگە کتێبییانە؟

**تێبینییەکان:** لە سەرەتای مێژووی کڵێسا، باوەڕداران هەندێك جار پێیان دەوترا (لایەنگرانی ڕێگا). بەڵام زۆر جار پێیان دەوترا (قوتابی). بەم شێوەیە ووشەی (قوتابی) لێرەدا بۆ ئاماژەدان بە یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵگای ئاینیی نوێ بەکار دەهێنرێت. دواتر، دەتوانین بڵێین ووشەیەکی هاوشێوەی ووشەی (مەسیحی)ە.

## ب) سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی

**پێشەکی:** قوتابی خوێندەوارە و بەردەستەی عیسای مەسیحە. مەسیح قوتابییانی فێرکرد کە خاوەنی سیفەتی تایبەتمەند بن.

1

**بخوێنە:** (یۆحەننا3: 16-21).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە باوەڕی بە کەسی عیسای مەسیحی خوداوەند هەبێت. قوتابی ڕاستەقینە ناکەوێتە دوای مامۆستایەك ناوی عیسا بێت، بەڵکو باوەڕی بە عیسای مەسیحی خوداوەند هەیە بەهەموو بیر و دڵێکەوە. ئەو باوەڕی بەوە هەیە کە عیسای مەسیح ئەو خودایەیە کە بەجەستەیەکی سروشتی خۆی نیشان داوە و هاتە سەر زەوی بۆئەوەی لەنێو خەڵکدا بژێت. هەروەها باوەڕی هەیە کە بێبەری بووە و ژیانی تاهەتایی دەستەبەر کردووە. هەروەها باوەڕی هەیە بەوەی کە عیسای مەسیح ڕووناکی جیهانە، بەدوای ئەو تیشکە دەکەوێت و لەو تیشکەدا دەژێت.

2

**بخوێنە:** (یۆحەننا8: 31-32).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە گوێڕایەڵی عیسای مەسیحی خوداوەند و ڕێنماییەکانی ببێت. قوتابی ڕاستەقینەی باوەڕی نییە بەوەی کە خۆی دەیەوێت، ئەوەش ئەنجام نادات کە خۆی دەیەوێت، بەڵکو باوەڕی بە ڕێنماییەکانی عیسای مەسیح هەیە، گوێڕایەڵی دەکات. گوێڕایەڵی کردنی ڕێنماییەکانی عیسای مەسیح بریتییە لە یارمەتیدانی هەژار و چەوساوە و کەم دەرامەتەکان (مەتتا25: 34-36) (یاقوب1: 27).

3

**بخوێنە:** (یۆحەننا12: 26) (یۆحەننا13: 12 -17) (مەرقۆس13: 34) (1کۆرنسۆس3: 9).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییانە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە خزمەتکارە. بانگهێشتکردن بۆ قوتابێتی بانگهێشتکردن بوو بۆ ئەنجامدانی کاری بە کۆمەڵ لەگەڵ عیسای مەسیحی خوداوەند لەسەر زەوی. هەر باوەڕدارێك ئەرکی تایبەتی خۆی لە پادشایەتی خودا لەسەر زەوی دەستەبەر دەکات. سیفەتێکی دیکەی خزمەتکار هەیە ئەویش ئەوەیە کە .

ئامادەیە هەندێك ئەرك ئەنجام بدات کە کەسانیتر پێیان ناکرێت یان توانای ئەنجامدانیان نییە. هەروەها ئامادەیە کەمترین کار ئەنجام بدات کە خزمەتکارانی ماڵەکان لەو ڕۆژانەدا ئەنجامیان دەدا بەتایبەت شۆرینی پێی گەشتیارەکان.

4

**بخوێنە:** (یۆحەنا13: 34-35) (کۆرنسۆس13: 4-8).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم برگە کتێبییانە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی راستەقینە ئەوەیە کە خۆشەویستی لە پەیوەندییەکانی پیشان بدات. تایبەتمەندی ئەم سیفەتە لەوەیە کە قوربانیدەرە، خۆویست نییە (هاوشێوەی خۆشەویستی عیسای مەسیح). خۆشەویستی خۆڕاگرێکی درێژخایەنە، سۆزداریشە. خۆشەویستی خۆبەکەمزان و دەستکراوەیە. خۆشەویستی بە ڕەوشتی و خۆراگری ڕەفتار دەکات. خۆشەویستی دەبەخشێت و شاد دەبێت بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی کەسانیتر. خۆشەویستی متمانەی بە کەسانیتر هەیە و خوازیارە خودا بارودۆخەکان بگۆڕێت. خۆشەویستی پابەندە بە ئەنجامدانی کاری چاکە بۆ کەسانیتر و کاریگەری لەسەریان تاکو باشترین داهاتیان بۆ خزمەتی خودا و کەسانیتر تەرخان بکەن.

5

**بخوێنە:** (یۆحەنا15: 5-8 ، 16).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم برگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:**

ئـ) گرنگترین سیفەتی تایبەتمەندی قوتابی ڕاستە **قینە** ئەوەیە کە چەسپاو بمێنێت لە عیسای مەسیح.

واتا عیسای مەسیح قبوول بکەیت لە دڵ و ژیانت، هەروەها لە هەوڵ و کۆششدا بیت بۆ پاراستنی پەیوەندییت لەگەڵی و لەگەڵ ووشەکەی (کتێبی پیرۆز)، هەروەها هەوڵ بدەیت خودی خۆت و ژیانت ملکەچی عیسای مەسیح و ڕێنماییەکانی بیت. پێویستە پەیوەندیت لەگەڵ عیسای مەسیح ڕاستەقینە و قوول بێت نەك ئاسایی. ئەوەیشی سووکایەتی بە پەیوەندی لەگەڵ عیسای مەسیح بکات، دەرئەنجام دەخرێتە ناو ئاگرەوە.

ب) یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەرهەمی زۆر و بەردەوامی هەبێت.

قوتابی بەرهەمی نابێت ئەگەر لە عیسای مەسیحی خوداوند نەچەسپێت. باوەڕدار بەمەرجێك دەسەلمێنێت کە قوتابی ڕاستەقینەی عیسای مەسیحە ئەگەر بەرهەمی زۆر و بەردەوامی هەبێت. ووشەی (بەرهەم) چەند واتایەکی هەیە لە کتێبی پیرۆز:

1. بەرهەمی ئەو قوتابیانەی جار دەدەن بە پەیامی ئینجیل قوتابی تازەیە (کۆلۆسی1: 6).
2. بەرهەمی ئەو قوتابیانەی کە قوتابێتی بە کەسیتر دەکەن بەروبوومی بەردەوامە، واتا باوەڕدارانی پێگەیشتوو و بەبەردەوامی (یۆحەنا15: 16).
3. بەرهەمەی ڕوحی پیرۆز کەسێتی مەسیحە (5غەلاتیەکان: 22-23).

کاتێك قوتابیان بچەسپێن لە عیسای مەسیح بەرهەمی زۆرتر دەهێنن. کاتێکیش خودا ڕێکیان دەخات، بەرهەمی زیاتر دەهێنن. ئەم ڕێکخستنەش بریتییە لە سەرزەنشتکردنی باوەڕداران، ڕێنمایی کردنیانە لە ڕێگای تاقیکردنەوە و گرفتەکانە کە خودا ڕێگایان پێدەدات لە ژیانی باوەڕدار. دەربارەی ئەم چاودێرییە بەردەوامە و بونیاتنانە بەردەوامەی باوەڕدارە تازەکان، قوتابییەکان بەرهەمی هەمیشەییان هەیە کە بریتییە لەم باوەڕدارە تازانە کە —بەبەردەوامی کات— پێدەگەن و دەچەسپێن لە عیسای مەسیح. لە نموونەی چێنەردا، عیسای مەسیح ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت ووشەکە لە هەندێك قوتابیدا 100 بەرامبەر دەدات، لە هەندێك دیکەیشدا 60 بەرامبەر، لە هەندێ دیکەیش 30 بەرامبەر. هۆکارەکەی ئەم جیاوازییەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جیاوازن لە تۆبەت، شایستەیی متمانا، دڵنیایی، ئازایەتی، پەرۆشی، ئەرك و بەهرەکانیان.

ج) یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ملکەچی ووشەی مەسیح بێت و بەپێی ئەوە بژیت.

خودا دەدات دەسەڵاتی بەسەر مێشك و دڵ و ڕەفتاریاندا هەبێت بەشێوەیەك بەردەوام بێت لە گۆڕان بەرەو باشتر (یۆحەننا15: 7).

6

**بخوێنە:** (لۆقا6: 39-42).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە فێربێت و ڕاهێنان وەربگرێت بۆ پوختەکردنی کەسێتیی. پێویستە قوتابی فێربێت چۆن ڕێگا بە خودا بدات تاکو بیگۆڕێت پێش ئەوەی خودا بەکاری بهێنێت بۆ گۆڕینی کەسانیتر. پێویستە بایەخ بە لایەنەکانی لاوازی و شکستهێنان بدات پێش ئەوەی دەستبەکاربێت بە ڕێکخستنی کەسانیتر. ئامانجی قوتابی ئەوەیە کە ببێتە هاوشێوەی عیسای مەسیح لە کەسێتیی و ڕەفتاردا.

7

**بخوێنە:** (لۆقا9: 23-26).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە نکوڵی لە خۆی بکات خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو کەسانیتر. ڕۆژانە هەوڵ دەدات بۆ شکۆدارکردنی عیسای مەسیح لە ڕێگای گەیاندنی پەیامی ئینجیل و ئەگەری ڕەتکردنەوە و ئازار و مەینەتی، کە ڕەنگە بەو هۆیەوە بێتە ئاراوە.

**بخوێنە:** (لۆقا9: 56-62).

8

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەتەواوەتی خۆی تەرخان بکات بۆ مەسیح.

ئـ) قوتابی یەکەم ویستی بەبێ بانگهێشت کردن بکەوێتە دوای عیسای مەسیحی خوداوەند.

ئەم کەسە زۆر پەرۆش بوو بۆ بەدواکەوتنی عیسای مەسیحی خوداوەند، بەڵام لەبیری چوو باجی قوتابێتی بژمێرێت. بینی خەڵکی بەدوای عیسای مەسیح دەکەون، کارە دەرئاساکان و پەرۆشی خەڵکی دەبینی بۆیە ویستی لە عیسای مەسیح نزیك بێتەوە کە ناوەندی هەموو ئەو ڕووداوانەیە کە لەبەردەم چاوی ڕوویان دەدا. بەڵام لەپاشان دەبینین ناوچەی یەهودییا عیسای مەسیحیان ڕەتکردەوە (یۆحەننا5: 18)، جەلیلییەکانیش قاویان دا (یۆحەننا6: 66)، شارۆچکەی جەدەرییەکانیش داوایان لێکرد لەلایان نەمێنێت (مەتتا8: 34)، سامرییەکانیش ڕازی نەبوون شوێنی حەسانەوەی بۆ دابین بکەن (لۆقا9: 53)، زەوییش ڕەتی کردەوە (مەتتا27: 23)، تەنانەت ئاسمانیش لەکۆتاییدا بەجێیهێشت (مەتتا27: 46). بەم شێوەیە قوتابێتی بەردەوام بریتییە لە ململانێ، ڕەتکردنەوە، مەینەتی. ئەمەیە باجی قوتابێتی (لۆقا14: 25-30).

ب) قوتابی دووەم ویستی بە مەرجە تایبەتەکانی بکەوێتە دوای عیسای مەسیحی خوداوەند.

ئەم کەسە ئامادە نەبوو بەمەرجەکانی عیسای مەسیح بکەوێتە دوای عیسای مەسیح! لە لایەکەوە، ویستی ببێتە بەشوێنکەوتوویەکی نزیکی عیسای مەسیح هاوشێوەی نێردراوان. لەلایەکی دیکەشەوە، مەرجێکی تایبەتی خۆی دانا بۆ بەدواکەوتنی عیسای مەسیح. ویستی پێشان باوکی بنێژێت کە تازە مردبوو. بەڵام عیسای مەسیح ویستی لە مێشکی ئەم پیاوە ئەوە بچەسپێنێت کە خۆی خوداوەندی دەسەڵاتدارە، پێویستیشە لەسەری بەتەواوەتی گوێڕایەڵی بکات بەبێ دوودڵی، یان پارێزەری، یان مەرج. هەروەها ویستی فێری بکات کە خێزانی ڕوحیی خوداوەند لە شانەشینی خودا لە پەیوەندییە خێزانییەکانی سەر زەوی گرنگترە. لە یادت بێت کە عیسای مەسیح ئەم قسەیە دەڵێت بە قوتابێکی ئاواتەخواز نەك بە هەموو بیسەران. مەسیح ناڵێت پێویستە لەسەر باوەڕدار بایەخ بە دایك و باوکیان نەدەن (یۆحەننا19: 26-27) یان نابێت بیانێژن (مەتتا26: 12). بەڵکو ئەوەی لێرەدا مەبەستێتی کە پێویستە باوەڕدار مەسیح لە باوك و دایکی زیاتر خۆشبوێت. هەروەها پێویستە لەسەر

هەروەها پێویستە لەسەر باوەڕدار گوێڕایەڵی عیسای مەسیح بکات بەبێ کۆت و مەرج.

ج) قوتابی سێیەم ویستی بکەوێتە دوای عیسای مەسیح خوداوەند بەبێ ئەوەی هەست بکات بە کاریگەری خێزان و هاوڕێ و ئاواتەکانی لەسەر ژیانی.

لەوانەیە ئەم کەسە بەباشی خۆی نەناسیوە. بەڵام عیسای مەسیح توانی ناو دڵی ببینێت کە خۆی نەیدەتوانی ببینێت (یۆحەننا2: 25). عیسای مەسیح زانی ئەو کەسە بیر لە چی دەکاتەوە. دەیزانی کاتێك ئەو کەسە بگەڕێتەوە ماڵەکەی کەسوکاری قایلی دەکەن کە بمێنێتەوە و نەکەوێتە دوای عیسای مەسیح. بۆیە، عیسای مەسیح دەڵێت پێویستە باوەڕدار پاشەکشێ نەکات لەپاش بڕیاری بەدواکەوتنی عیسای مەسیح. قوتابی ڕاستەقینە هیچ کات تەماشای دوواوە ناکات و تامەزرۆی ژیانی ڕابردووی ناکات.

9

**بخوێنە:** (لۆقا14: 26-27، 33).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟ **تێبینییەکان:**

ئـ) یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە عیسای مەسیحی خۆشبوێت زیاتر لە هەر پەیوەندییەکی تر. قوتابی ڕاستەقینە عیسای مەسیحی بەلاوە پەسەندتر لە باوك و دایکی و برا و خوشکەکانی و لە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی، تەنانەت لە خۆشی. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستە قوتابی ڕقی لە باوك و دایك و خێزانەکەی بێت و وازیان لێبهێنێت. کتێبی پیرۆز هانی باوەڕداران دەدات چاودێری باوك و دایکیان بکەن، چاودێری خێزانەکانیان بکەن، منداڵەکانیان لەسەر ڕێزگرتن لە خودا پەروەردە بکەن، کەسوکار و دراوسێکانیان وەکو خۆیان خۆشبوێت. بۆیە ووشەی (ڕق) لەم ڕووەوە ئەوە دەگەیەنێت کە بە ڕێژەیەکی کەمتر خۆشی بوێت (مەتتا10: 37). بۆیە، ئەگەر باوەڕدار ناچار بوو یەکێك هەڵبژێرێت لە نێوان ئەندامێکی خێزانەکەی یان عیسای مەسیح، پێویستە ملکەچی ویستەکانی ئەو ئەندامە ڕەت بکاتەوە هەر چەنێك هەڵبژاردنەکە سەخت بێت. بۆیە ملکەچی مەزنی قوتابی ڕاستەقینە بۆ عیسای مەسیحی خوداوەندە. هیچ پەیوەندێك نییە لە ژیانی قوتابی لە پەیوەندیکەی بە خودا و ڕزگارکارەکەی گرنگتر بێت. بەم شێوەیە، قوتابی ڕاستەقینە عیسای مەسیح هەڵدەبژێرێت بەبێ کۆت و مەرج تاکو ببێتە خوداوەند و ڕابەری ژیانی. هەروەها هەموو لایەنگرییەکیتر و پەیوەندییەکیتر لە ئاستێکی کەمتر لە لایەنگریی و خۆتەرخانکردنی بۆ عیسای مەسیح خوداوەند دادەنێت.

ب) یەکێك لە سیفەتە تایبەتەکانی دیکەی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەموو قوربانییەك یان ڕەتکردنەوەیەك یان مەینەتییەك قبوڵ بکات چونکە باوەڕدارێکی تەرخانکراوە. ئەمەیە واتای ڕاستەقینەی هەڵگرتنی خاچ.

ج) یەکێك لە سیفەتە تایبەتەکانی دیکەی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە عیسای مەسیحی بەلایەوە پەسەندترە لە هەموو ئاواتەکانی ئەم جیهانە. قوتابی ڕاستەقینە هەمیشە ئامادە دەبێت بۆ وازهێنان لە هەر شتێك یان هەموو شتێك لەپێناو بەدواکەوتنی عیسای مەسیح. ئەو ڕێگا بە خۆشەویستی پارە نادات، یان سەرکەوتن، یان ناوبانگی، یان دەسەڵات کە بێبەشی بکات لەوەی کە ببێتە قوتابی ڕاستەقینە. ئەگەر ناچار بوو یەکێك هەڵبژێرێت لە نێوان دەوڵەمەندی یان سەرکەوتن یان دەسەڵات یان ناوبانگی لەلایەکەوە، بەرامبەر بەدواکەوتنی عیسای مەسیح لەلایەکی دیکەوە، پێویستە لەسەری ئارەزووە ماڵی و زەمینییەکان ڕەت بکاتەوە. مەزنترین تەرخانکردن لە ژیانی قوتابی ڕاستەقینە بۆ عیسای مەسیحە. هیچ تەرخان کردنێکیش ناتوانێت شوێنی بگرێتەوە.

10

**بخوێنە:** (لۆقا24: 45-48).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە شایەتیە بۆ عیسای مەسیح. ئەرکی قوتابییەکان تەنها خوازیاری گواستنەوەی بیرۆکە و دابونەریتەکان نەبوو، بەڵکو بن بە شایەتی گوێڕایەڵی عیسای مەسیح.

هەروەها ئەوان لە فەیلەسوفە داناکان و مامۆستایانی شەریعەت ڕۆشنبیرتر نەبوون، بەڵکو لە بچوکترین خەڵك بوون کە خودا جاری پێداون (مەتتا11: 25-27). واتا، ئەوانە ڕانە بچووکەکە بوون کە خودا شاد بوو بەوەی کە شانەشینیان بداتێ (لۆقا12: 32) (مەتتا5: 10).

11

**بخوێنە:** (مەتتا10: 24-25).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئامادەیە سووکایەتی و سەرکۆنە کردن لەخۆ بگرێت لەپێناو عیسای مەسیحی خوداوەند. دوژمنانی عیسای مەسیح وتیان عیسا (ئامێرێکە لە دەستی شەیتان) (مەتتا12: 24-27)، هەروەها ﴿ڕوحی پیسی هەیە و وڕێنە دەکات﴾ (یۆحەننا10: 20)، هەروەها (خودی شەیتانە) (مەتتا10: 25). بۆیە، خەڵکەکە ڕەفتار لەگەڵ قوتابیانی عیسای مەسیح دەکەن، بەهەمان شێوە کە ڕەفتاریان لەگەڵ خودی عیسای مەسیح دەکرد, بۆیە، قوتابییەکانی عیسای مەسیح دەناڵێنن لە خراپیی تێگەیشتنی خەڵکی، خراپی شیکردنەوەی خەڵکی بۆ قسەکانیان، لە ڕەفتاری خەڵکی لەگەڵیاندا (مەتتا5: 10-12) (2تیمۆساوس3: 12).

12

**بخوێنە:** (مەتا13: 52).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ڕاستییەکانی شانەشین لە ژیانی جێبەجێ دەکات. قوتابی ڕاستەقینە لە ڕێنماییەکانی عیسای مەسیح تێدەگات لەبارەی (شانەشینی خودا) و جێبەجێی دەکات. فێر بوو و مەشقی کرد ژیانی شانەشین بگوزەرێنێت وەکو لە بەشەکانی (5-7)ی مزگێنی بەپێی نووسینی مەتتا هاتووە، هەروەها یارمەتی بدات لە گەشەکردنی شانەشین وەکو ئەوەی ڕوونە لە نموونەکانی عیسای مەسیح کە لە بەشی13ی مزگێنی بەپێی نووسینی مەتتا هاتووە، هەروەها هەڵوێست و پەیوەندییەکانی گونجاو بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی شانەشین کە لە هەردوو بەشی(18و19)ی مزگێنی بەپێی نووسینی مەتتا هاتووە. مێشك و دڵی پڕن لە گەنجینەی ڕاستییە تاهەتاییەکانی لە شانەشینی خودا. بەم شێوەیە، لەم بیرۆکەیە دەردەچێت و بە دەستکراوەیی لەگەڵ کەسانیتر بەشداری لە ڕاستییەکانی شانەشین دەکات. لە ڕاستیشدا، ڕاستییەکانی ئەم شانەشینە تەنها کۆن و چەسپاو نییە، بەڵکو گونجاوە بۆ جێبەجێکردن لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆ هەموو خەڵکیش کونجاوە، هەر چییەك بێت بارودۆخ و ڕەوشتەکانیان. بەم شێوەیە قوتابییەکانی عیسای مەسیح خۆیان مامۆستای ڕاستەقینەی شەریعەتن لەم سەردەمەدا. هەروەها شانەشین شیی دەکەنەوە بۆ خەڵکی و ئاشنایان دەکەن بە ڕاستیی توانای خودا و دەسەڵاتی بەسەر جیهاندا.

13

**بخوێنە:** (مەتتا28: 18-20).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم بڕگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە تێکەڵ بە ئامادەکردنی قوتابی بۆ عیسای مەسیح. قوتابی ڕاستەقینە دەستپێشخەر دەبێت بۆ چوون بۆ لای کەسانیتر لە ناوچەکەی و بۆ لای گەلانیتر لە جیهاندا بۆ ئەوەی فێریان بکات گوێڕایەڵی عیسای مەسیح بن. لە پەرتووکی کرداری نێردراوان، سیفەتی تایبەتی یەکەمی قوتابی (گوێڕایەڵی کردنی باوەڕ) بوو (کردار6-7). هەروەها ئەمەش ئەرکی پۆڵسی نێردراو بوو. لە (ڕۆما1: 5) دەخوێنینەوە ﴿*نیعمەت و نێردراویەتییمان بە هۆی ئەووە وەرگرت، بۆ گوێڕایەڵی باوەڕ لە نێوان هەموو نەتەوەکان لە پێناوی ناوی ئەو*﴾ هەروەها ئەمە ئەرکی قوتابییەکانی عیسای مەسیحە. قوتابیەکانی عیسای مەسیح ئینجیل ڕادەگەیەنن و ڕابەرایەتی خەڵکی دەکەن لە هەموو گەلانی زەوی بۆ باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح و گوێڕایەڵی کردنی (ڕۆما16: 25-26). گوێڕایەڵی کردنی ڕێنماییەکانی عیسای مەسیح بریتییە لە یارمەتادانی هەژاران و کەم دەرامەتەکان و چەوسێنەران (مەتتا25: 34-36) (یاقوب1: 27).

14

**بخوێنە:** (کردار5: 32).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە چییە بەپێی ئەم برگە کتێبییە؟

**تێبینییەکان:** یەکێك لە سیفەتە تایبەتمەندەکانی قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەڵگەیەك پێشکەش دەکات لەسەر ئامادەبوونی ڕوحی پیرۆز و کارەکانی لە ژیانی. پۆڵسی نێردراو وەك قوتابییەکی ڕاستەقینە قبوڵ کرا لەبەر ئەوەی باوەڕی بە عیسای مەسیح هەبوو و پڕ بوو لە ڕوحی پیرۆز (کردار9: 17، 26-27). ڕوحی پیرۆز تاهەتایی لە قوتابیان نیشتەجێ بووە (یۆحەننا14: 16-17). هەروەها عیسای مەسیح شکۆدار دەکات و توانا دەداتە قوتابییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە عیسای مەسیح خستوویەتە ئەستۆیان. بۆیە ئەگەر کەسانێك هەبێت کە خۆیان بە قوتابیانی عیسای مەسیح بزانن، بەڵام ڕوحی پیرۆز لە ناخیاندا نیشتەجێ نییە، ئەوە بەهیچ شێوەیەك قوتابی ڕاستەقینە نین (کردار19: 1-2).

نوێژ

بە نۆرە وەکو گروپ نوێژ بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یان گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یان سیانی و نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی

## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابیێتی بە کەسانێتر بکەیت. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (سیفەتە جیاوازەکانی قوتابی).

**خەڵوەتی ڕوحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی ڕوحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (ڕۆما13-16). شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز:** تکایە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵ (2کۆرنسۆس6: 14 – 7: 1). سیفەتی پەیوەندییەکانی بیری جیاواز چییە؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**نوێژ:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یان بۆ شتێکی دیاریکراو نوێژ بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.